# ڕادەی بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی وئاراستەیان بۆ وانەکانی خوێندن و ڕێگەکانی وانە ووتنەوە

**م.سەربەست کریم محمد**
rahenan@suliparwarda.com
بەڕێوەبەری (بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەی سلێمانی ) وەزارەتی پەروەردە

**م.ی.لانە لطیف علی**
lanalateef22@gmail.com
مامۆستای ڕاهێنەر/ (بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەی سلێمانی) وەزارەتی پەروەردە

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٨/١٢**
**بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٨/٢١**

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (ڕادەی بەکارهێنانی ڕێگەکانی ستراتیژی ڕاهێنان، ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن ، ڕۆڵی ئەم ڕێگایانە لەسەر ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن و ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکان لەسەرجەم وانەکان) لە پارێزگای سلێمانی لەدیدی خوێندکاران, کە پرۆژەیەکە لە ئێستادا لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکان لەسەرجەم ناوچەکان لە یەک کات و لەبابەتی دیاری کراو لەلایەن وەزارەتی پەروەدەوە مامۆستایان ڕاهێنانی تێدا دەکەن لە لایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە. ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی ڕووپێوی بەراووردکاریە ،ڕاپرسیەک لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکرا کە پێک هاتبوو لە سێ فۆرم کە (٢١) برگە لەخۆدەگرێت ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئامادەییە حکومیە بەیانیانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی کە سەرجەمیان ( ٦٠) ئامادەییە بێجگە لە ئامادەییە ئێوارانەکان، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی هەرەمەکی (١١) ئامادەیی هەڵبژێردرا بۆ توێژینەوەکە ،لە هەر ئامادەییەک پۆلێک لە خوێندکارانی پۆلی دەیەمی زانستی هەڵبژێردران بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە کە سەرجەمیان (٢١٨)خوێندکار بوون.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست ڕێگەی نەخشەی هزری و نەخشەی چەمکەکان زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنان هەبووە لەسەرجەم ئامادەییەکان،ئاراستەی خوێندکاران لە خۆشەویستی و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی وانەکانی (پەروەدەی ئیسلامی-زیندەزانی-زمانی ئینگلیزی-کیمیا) زیاترە وەک لە وانەکانی (فیزیا-زمانی عربی-زمانی کوردی-بیرکاری)، بەکارهێنانی ڕێگەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان لە وانەکان دا دەبێتە هۆی زیادکردنی ئاراستەی خوێندکاران بۆ خۆشەویستیان بۆ وانەکان و دڵخۆشیان بە فێربوونیان ، ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنان و فێربوونیان بەهۆی ئەم ڕێگایانە زیاترە لە ئاراستەیان بۆ بەکارهێنانی ڕێگەی وانە بێژی و فێربوونیان بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە، ئەو ڕێگایانەی وانە ووتنەوە کە لە سەرەتای ساڵەوە مامۆستایان ڕاهێنانیان تیایدا وەرگرتووە زیاتر لەناو پۆل و وانەکان دا بەکاریان هێناوە .

**کلیلە وشەکان:** ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان _ ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن - ئاراستەی خوێندکاران بۆ ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ستراتیژی ڕاهیان-خۆشەویستی وانەکان لای خوێندکاران -دڵخۆشی خوێندکاران بۆ فێربوون.

**بەشی یەکەم/ناساندنی توێژینەوەکە( Research Definition )**

**یەکەم/پێشەکی(Introduction):**

ئەم ســـەردەمەی مرۆڤایەتی پێیدا دەڕوات ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و ئاســـتەنگی دەبێتەوە لە کۆمەڵێک بواری جۆراوجۆری ژیان دا کە گۆڕانکاریە سەردەمیەکان دەیسەپێنن هەر لە چەمکی زانیاریەکان و شۆڕشی تەکنەلۆجی وپەیوەندیەکان و پێشـــکەوتنە تەکنەلۆجیەکان ، ئەمەش پێویســـتی بە گۆڕینی شـــێوازی وانە ووتنەوەو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەروەدەیی هەیە تا بتوانێت لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ هاوئاست بێت لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمەکە ، بەو پێیەی مامۆستا پایەیەکی گرنگی سەرەکیە لە سـیسـتمی فێرکاری کە ئاڕاسـتەی فێربوون وبیرکردنەوە دەکات و هەڵسـوڕێنەری سـەرەکیە لە هەر چالاکیەکی پەروەردەیی و بەرپرسە لە ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ پێشـــــە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا ( آندی ، ٢٠٠٠، ل.٢٥ ).

زۆرێک لە دەوڵەتان گرنگی دەدەن بە گەشـــەپێدانی پیشـــەیی مامۆســـتایان و لە دەوڵەتە پێشـــکەوتووەکان بووەتە مەرجێکی پیشـــەیی، بۆ پلە بەرزکردنەوە وگۆڕینی پێگەی پیشـــەیی، چونکە وا دەکات مامۆســـتایان لە ڕووی پیشـــەییەوە ببنە بەرهەم هێنەری زانیاریەکان و پەرەپـــــــــــێدانی پەیڕەوی پیشەیی( محمد،٢٠٠٤، ل.٣٢).

ئامادەیی و خولیای خوێندکاران بەرامبەر بە بابەتەکانی خوێندن هۆکاری ســـەرەکین کە کاریگەریان لەســـەر ئاســـتی بەشداریکردنی زانستی و دەستکەوتی ئەکادیمییان هەیە (Renninger & Hidi, 2016, p. 2).

کاتێک ســتراتیژی ڕاهێنانەکان جێ بەجێ دەکرێت لە لەســـەر بنەمایەکی کارلێککردن و زانســـتی تەنها نابێتە هۆی بەرەو پێش بردنی کارایی مامۆســتا بەڵکو کار دەکاتە ســەر ئارەزووی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن وە ئاســتی بەشــداریان لە پۆل دا. کۆمەڵێ توێژینەوەی نوێ کە لە ئۆگەندا ئەنجام دراوە لەسەر (٢٨٦) مامۆستا دەریـــــــدەخات کەلەلای( ٦١٪ )ی مامۆستایان بووەتە هۆی بەرز بوونەوەی کوالتی وانەکانیان دووای ڕاهێنان ، وە لای (٧١٪ )لە مامۆستایان دەستکەوت و توانای خوێندکارانیان زیادی کردووە لە ئەنـــــــــــــجامی ڕاهێنان (Uzorka et al., 2024, p. 12). ئەنجامی توێژینەوەکان گرنگی وەبەرهێنان لە ڕاهێنانی مامۆستایان پشتڕاست دەکەنەوە کە وەک ئامرازێکی ئاڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پاڵنەری خوێندکاران بەرەو فێربوون .

**دووەم/کێشەی توێژینەوەکە( Problem of the Research ):**

لە چوار چێوەی هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ بـاشـــترکردن و بەرەو پێش بردنی پەروەردەو فێرکردن وەزارەتی پەروەردە ســـتراتیژی ڕاهێنانی مامۆســـتایانی لەناو ناوەندەکانی خوێندن ڕاگەیاند (٢٠٢٣-٢٠٣٠) ،بەشـێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرنامەکانی ڕاهێنان زۆرینەی کات لەگەڵ پێداویســـتی ڕاســـتی بۆ ڕێگەکانی وانەووتنەوەو ئاڕاســـتەی فێرکاری خوێندکاران یەک ناگرنەوە بەهۆی پرۆگرامەکانی خوێندن وەک توێژەرانی RAND ئاماژەیان پێداوە ( Vernez *et al.,*2016 )،ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکان دا، نەبوونی پارەی تەرخان کراو ونەبوونی هەڵســـــــــــەنگاندنی تەواو بۆ ڕاهێنان( Tahir *et al.,*2025,p.118.

بەهۆی نەبوونی توێژینەوەی پێویست ئەم توێژینەوەیە ئەنجام درا بۆ زانینی :

ئایا ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ســـتراتیژی ڕاهێنان وەک پێویســـت لە پارێزگای ســـلێمانی بەکارهێنراون؟ ئایا خوێندکاران وانەکانی خوێندنیان خۆش دەوێت وە دڵخۆشـن بە فێربوونیان؟ ئایا بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان زۆرتر دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە خۆشـەویستی و دڵخۆشـی خوێندکاران بۆ فێربوونی وانەکان یان ڕێگەی وانەبێژی؟ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە بووەتە جێگەی ڕەزامەندی خوێندکاران و فێربوونیان لە وانەکان؟

sjh@univsul.edu.iq

**سێهەم/گرنگی توێژینەوەکە( Importance of the Research ):**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە :

۳-۱/بەدوواداچوون بۆ بابەتێکی گرنگ و تازە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەویش ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایانە ، کەئەم ستراتیژی ڕاهێنانە بۆ یەکەم جارە بەم جۆرە لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن پەیڕەو دەکرێت

۳-۱/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەدەیی پارێزگای سلێمانی.

**چوارەم/ئامانجی توێژینەوەکە ( Objective of the Research ):**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی:

٤-١/ ڕادەی بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانەووتنەوەی ستراتیژی ڕاهێنان لە وانە جیاوازەکان و ئامادەییەکان.

٤-٢/ ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن .

٤-٣/ ڕۆڵی ئەم ڕێگەیانە لەسەر ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکان .

٤-٤/ ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان و ڕێگەی وانەبێژی لە وانەکان دا .

**پێنجەم/سنوری توێژینەوەکە (The Research Limits):**

سنوری توێژینەوەکە ئەم بوارانە لە خۆ دەگرێت:

٥-١/سنوری بابەت : ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان (نەخشەی هزری-نەخشەی چەمکەکان-هاوکاری هاوتەمەنەکان-جیگسۆ-سوکراتی-بیرکردنەوەی شەش گۆشەیی) لە وانەکانی (کیمیا-فیزیا-بیرکاری-زیندەزانی – زمانی کوردی-زمانی ئینگلیزی-زمانی عربی-پەروەردەی ئیسلامی).

٥-٢/سنوری مرۆیی: خوێندکارانی کوران وکچانی ئامادەییەکانی بەیانیانی پۆلی دەیەمی زانستی لە پەروەردەی ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥-٣/سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ -٢٠٢٥ ).

٥-٤/سنوری شوێن :بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژئاوای پەروەردەی سلێمانی- ئامادەیی(شیرین-حیلمی علی شریف-ڕەنگین-برادۆست-سەروەران-کۆسار-ڕۆشنبیر-بەختیاری-ڕەوشەن بەدرخان-شێرکۆ بێکەس-بەردەقارەمان)

**شەشەم/پێناسەی چەمکەکان ( Definition of the Terms):**

**٦-١/ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان( Teachers Training Strategies ):**

( Scott,2002 )بەم جۆرە پێناسەی دەکات :"بەرنامەیەکی پلان بۆداڕێژراوە پێشکەشی مامۆستایان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی کەسێتی و ئەکادیمی و پیشەیی مامۆستا،بەئامانجی گەیشتن بە تێکڕای کوالیتی داواکراو بۆ ئەنجامدان و هەستان بە ڕۆڵی پێویست لە مامۆستا" ( Scott,2002,66 )

بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەران بەم جۆرە پێناسەی ڕێکاری بۆ دەکەن:

چالاکیەکی مرۆیی بەردەوام و پلان بۆ داڕێژراوە، ئامانجی پەرەپێدان و گەشەسەندنی بەردەوامە لە بوارەکانی زانیاری و کارامەیی، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر بەها و ڕەفتار دادەنێت بۆ ئەوەی ئاراستەکانی ڕوانین و کار ڕوونتر بێت کە (٨) تەوەر لە خۆ دەگرێت وەک لە وێنەی ئینفۆگرافیکی (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**٦-٢/ئاراستەی خوێندکار بۆ وانەکانی خوێندن و ڕێگەکانی وانە ووتنەوە**

**(The student's Attitudes in the subjects and teaching methods )**

سهيلة (2006)بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "کۆمەڵێک وەڵامدانەوە دەنوێنێت لە شێوازی ڕەفتاری دیاری کراو ، ئەرێنی یاخود نەرێنی یاخود بێ لایەن، بەرامبەر پرسە گشتیەکان لە بیرۆکە یا شتە تایبەتەکان یان دیاردەکان"(سهيلة، ٣٥٧،٢٠٠٦ )

توێژەران بەم جۆرە پێناسەی ڕێکاری بۆ ئاراستەی خوێندکار بۆ وانەکانی خوێندن و ڕێگەکانی وانە ووتنەوە دەکەن:

"بریتیە لە وەڵامدانەوەی خوێندکاران بۆ خۆشەویستیان بۆ وانەکان و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی وانەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) لە ئامادەییەکان کە بریتی بوون لە (نەخشەی هزری -نەخشەی چەمکەکان-هاوکاری هاوتەمەنەکان – ستراتیژی جیگسۆ-سیمیناری سوکراتی-بیرکردنەوەی شەش گۆشەیی ) وە ڕێگەی باوی وانەبێژی و فێربوونیان لەوانەکان بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە".

**بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە( Theoretical Framework )**

**یەکەم/ستراتیژی ڕاهێنان ( Training Strategy)**

**1-1/چەمکی ڕاهێنان( Training Concept)**

ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان ، دەبێتە یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی وەرچەرخانی کەرتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بەرزکردنەوەی کوالێتی فێربوونەوە ، ستراتیژێکی نوێیە ، گشتگیرە ، پچڕ پچڕ نییە ، درێژخایەنی حەوت ساڵییە، بە پلان دانراوە ، ڕاوێژی لەسەر کراوە ، دادپەروەرانەیە بۆ هەموو مامۆستایانە ، تەنها هەر ڕاهێنان نییە و کۆتایی بێت بەڵکو بە دواداچوونیشە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێگە نوێیانەی وانەوتنەوە و پاشان هەڵسەنگاندنی مامۆستایانیشە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێگە نوێیەکان ، بە جێبەجێکردنی لەساڵی خوێندنی داهاتووە وە تا چەند ساڵێکی دیکە ( ئەندازەی کاریگەریی دیداکتیک لەسەر کارامەیی قوتابیان و خوێندکاران ) گۆڕانێکی جۆری تێدا دروست دەبێت.

ئەم پرۆژە ستراتیژییە خزمەتی کۆمەڵگە دەکات ، ئەو ڕێگە کلاسیکیەی ئێستای وانەوتنەوەی کە بەمنداڵەکانمان دەوترێتەوە، دەگۆڕدرێت بۆ ئەو ڕێگایانەی کە کار لەسەر فێربوون و فێربوونی بەرجەستە و بنەماکانی تیۆری مەعریفی دەکەن ، کە دەبنە هۆی گەشەسەندنی جۆری سیستمی پەروەردە، دڵنیام چەند ساڵێکی نزیکی دیکە هەست دەکەین منداڵەکانمان لە قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکان بەجۆرێکی جیاوازترەوە وانە دەخوێنن ، ئاست و کارامەیی و تواناکانی مامۆستایان لە ئێستا زۆر جیاوازتر دەبێت. کەمێک کاتمان دەوێ بۆ ئەم وەرچەرخانە گەورەیە .

( مامۆستای ڕاهێنەر) زیاتر لە ٤٠ کاتژمێر ڕاهێنانی تەنها لەیەک بوار وەرگرتووە و زیاتر لە ٤٠ کاتژمێری دیکەش ئەرکی ڕۆژانەیان بەجێهێناوە و لە بوارەکانی دیکەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان بۆ هەر بوارێک ڕاهێنانی تایبەت وەردەگرن ، دەچنە ناو قوتابخانەکان و خوێندنگەکان و هەفتەی یەک بەشەوانە ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکەن و بە شێوەیەکی سیستماتیک هەموو مامۆستایەک لە ساڵێکدا نزیکەی ٣٠ کاتژمێر ڕاهێنان وەردەگرێت . مامۆستای ڕاهێنەر و مامۆستایان ڕێبەرایەتی ئەو وەرچەرخانە مەزنە دەکەن لە کەرتی خوێندنی حکومی( ئالان ، ٢٠٢٣ ).

sjh@univsul.edu.iq

**١-٢/ڕاهێنان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/پارێزگای سلێمانی :**

**Training in the Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government / Sulaimani (Province)**

ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان پرۆژەیەکە کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە لە ناو ناوەندەکانی خوێندن دا ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکرێت لەسەر ئەو تەوەرانەی کە لە وێنەی ئەنفۆگرافیکی (١)دا هاتووە، کە لە هەر وولآتەو بە بەرنامەی تایبەتی خۆیان ڕاهێنان بە مامۆستایان دەکەن.

ڕاهێنانی مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو شێواز ئەنجام دەدرێت ، ڕاهێنانی مامۆستایان لە کۆلێجەکانی پەروەردەو پەروەردەی بنەڕەتی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەسەر دەرون ناسی و ڕێگەکانی وانەووتنەوەو هەڵسەنگاندن یا ئەو کۆلێجە تەواو دەکەن و بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە دەست دەهێنن پاشان دەبنە مامۆستا،شێوازی دووەم پاش دامەزراندن وەک مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە لە بەشی ڕاهێنان وپەرەپێدانی پەروەردەیی بەردەوام کۆمەڵێک خول بەڕێوە دەچن وەکو:

**١-٢-١**/خولی شیاندنی مامۆستایی بۆ ئەو مامۆستایانەی تازە دەست بەکاربوون دەرچووی کۆلێجەکانی ئاداب،زانست،شەریعەن واتە دەرچووی کۆلێجی پەروەردە نین بۆ ماوەی (٣٠)ڕۆژ(١٢٠)کاتژمێر ڕاهێنان وەردەگرن لە بابەتەکانی دەرونزانی گەشە-دەرونزانی پەروەردەیی-پێوانەو هەڵسەنگاندن-ڕێگاکانی وانە ووتنەوە کە مەرجە بۆ جێگیربوونی پشەی مامۆستایی پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.

**١-٢-٢**/خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران بۆ ئەو مامۆستایانەی پۆستی سەرپەرشتیاری وەردەگرن پێش دەست بە کاربوونیان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا (١٢٠) کاتژمێر ڕاهێنان وەردەگرن بابەتەکان بریتین لە پرۆژەی بنیاد نانی تواناکان-دەروون ناسی بە گشتی-پێوانەو هەڵسەنگاندن-کارگێری -ئەرک و کاری سەرپەرشتیار پاش ئەنجام دانی تاقیکردنەوە.

**١-٢-٣**/خولی پرۆگرامەکان لەکاتی گۆڕینی هەر پرۆگرامێک بۆ هەر پۆل و قوناغێک بۆ ئەو مامۆستایانەی ئەو بابەتە دەڵێنەوە بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ (٢٠) کاتژمێر خول دەبینن.

**١-٢-٤**/خولی کارگێری و بەڕێوەبردن بۆ سەرجەم بەڕێوەبەروباریدەدەری ناوەندەکانی خوێندن.

**١-٢-٥**/خولی کۆمپیوتەر( Word-Excel ) بۆ بەڕێوەبەروباریدەدەر لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لەگەڵ فەرمانبەرانی بەشە جیاوازەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی و ناو دیوانی بەڕێوەبەرێتیەکان.

**١-٢-٦**/خولی پیشەیی بۆ مامۆستایانی وەرشەی بەشی پیشەیی قوتابخانە بنەڕەتیەکان وخوێندنگە ئامادەییە پیشەییەکان.

**١-٢-٧**/خولی خۆیەتی و ژمێریاری بۆ فەرمانبەرانی خۆیەتی و ژمێریاری بەڕێوەبەرێتی گشتی و بەشەکانی.

لەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی ئەو خول و سیمینارانە خراوەتە ڕوو کە لە ساڵانی (٢٠٢١-٢٠٢٢-٢٠٢٣-٢٠٢٤)لەلایەن بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی سلێمانی ئەنجام دراوە:

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**خشتەی ( ١ ):**ژمارەی خول و سیمینارەکان و ژمارەی بەشداربووان لە بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵانی ( ٢٠٢١-٢٠٢٢-٢٠٢٣-٢٠٢٤)

| ساڵ | ژ.خول | ژ.بەشداربوو | ژ.سیمینار | ژ.بەشداربوو |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢١ | ٦١ | ١٧٩٧ | ٢٤ | ٦٧٥ |
| ٢٠٢٢ | ٧٦ | ٣٣٣٨ | ١٨٥ | ٥٥٦٣ |
| ٢٠٢٣ | ٥٨ | ٢٤٦٠ | ٧٠ | ١٤٥٩ |
| ٢٠٢٤ | ٣٤ | ١٧٢٥ | ٥٥ | ١٨٨ |

بۆ ساڵی ٢٠٢٢ وۆرک شۆپێک ئەنجام دراوە بۆ ١٧ بەشداربوو وە کۆرێک ئەنجام دراوە کە ٤٠ بەشدار بووی هەبووە، لە ساڵی ٢٠٢٣ وۆرک شۆپێک ئەنجام دراوە بۆ (٤٠)بەشداربوو،٣ وۆرک شۆپ لە ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجام دراوە بۆ ٢١٩ بەشدار بوو*.

*** سەرجەم زانیاریەکان لە بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی سلێمانی وەرگیراوە**

لەئێستادا (١٨٥) ڕاهێنەر لە شاری سلێمانی بە سەرجەم شارۆچکەوناحیەکانیەوە، دەچنە ناوەندەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە تا ئامادەیی ،لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)بۆ ماوەی (٨) کاتژمێر لەناو ناوەندەکانی خوێندن دا ڕاهێنان بەمامۆستایان کراوە لەشەش( ٦) ڕێگەی نوێی وانە ووتنەوەدا کە لە قۆناغی بنەڕەتی ڕێگەکانی (نەخشەی هزری – نەخشەی چەمکەکان -ڕێگەی دەروازە-ڕێگەی یاریکردن-ڕێگەی سەنگاپوری- ڕێگەی سوکراتی ) ڕاهێنان بەشێوازی تیۆری و پراکتیکی ئەنجام درا وە لە قۆناغی ئامادەیی ڕاهێنان لە ڕێگەکانی (نەخشەی هزری – نەخشەی چەمکەکان -هاوکاری هاوتەمەنەکان-ستراتیژی جیگسۆ-سیمیناری سوکراتی-بیرکردنەوەی شەش گۆشەیی ) ئەنجام درا.

**١-٣/پاساوەکان بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان و گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان**

**(Justifications for teacher training and teacher professional development)**

**١-٣-1**/ئاشنا کردنی مامۆستایان بە ڕێگە نوێکانی وانە ووتنەوە.

**١-٣-2**/بەرزکردنەوەی شارەزایی مامۆستایان لە بواری پسپۆڕی وبەرچاو ڕوون کردنەوەیان لە کێشە فێرکاریەکان و چۆنێتی چارەسەر کردنیان.

**١-٣-3**/زیاد کردنی کارایی و توانای پەروەردەیی مامۆستا و هاوکاری کردنی بۆ ئەنجام دانی کارەکەی بە ڕێگەیەکی باشتر وە ماندوو بوونێکی کەمتر وە لە کاتێکی کورتتر.


**١-٣-٤**/باشتر کردنی لایەنی کەم و کوری ئەو مامۆستایانەی کە ئامادە نەکراون بۆ پیشەی مامۆستایی.

**١-٣-٥**/باشتر کردنی کوالتی خوێندن بەجۆرێک کاریگەری بکات لەسەر ڕەفتار و بەرەو پێش بردنی فێرخواز.

(ولید،٢٠١٥،لا.٥٣)ئەمانە بەشێکی کەمن لەو هۆکارو پاساوانەی ڕاهێنانی مامۆستایان.

**١-٤/تەوەرەکانی ستراتیژی ڕاهێنان( Training Strategy Themes)**

ڕاهێنانـــی مامۆســـتایان لـــە هەشـــت تـــەوەری ســـەرەکی پێکهاتـــوون وەک (ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر: ٢٠٢٤) ئاماژەی پێداوە وەک لە وێنەی ئینفۆگرافیکی (١) ڕوون کراوەتەوە :




**وێنەی ئینفۆگرافیکی (١):** تەوەرەکانی ستراتیژی ڕاهێنان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**١-٥/ئەزموونی وولاتان لەڕاهێنانی مامۆستایان( Countries’ experience in teachers training)**

**١-٥-١/ئەزموونی سەنگافورە(Singapore experience)**

لە سەنگافورە هەر مامۆستایە بەشێوەیەکی ئیلزامی (١٠٠) کاتژمێر ڕاهێنانی پیشەیی وەردەگرێت کە وۆرک شۆپ-خول-توێژینەوە-ئەزموون کردنی پیشەیی لە ژینـــــــگەی جیـــــــاوازدا لە خۆ دەگرێت ( MOE, 2025 ) .

هەنـدێـک لە خوێنـدنگەکـان ســـەعـاتێـک لە هەفتەکەدا تەرخـان دەکەن لە کـاتی دەوامی فەرمی دا بۆ ئەم مەبەستە( FutureLearn,2025).

**١-٥-٢/ئەزموونی ئەڵمانیا(Germany's experience)**

مامۆستایان بەشداردەبن لەڕاهێنانی پیشەی ڕێک وپێک بەتایبەت لەکاتی پێویستی بۆ بەرزکرنەوەو پسپۆری، ئەمەش لەنێوان ولایەتـــــەکان جیاوازە لە نێـــــــــوان (٣٠ بۆ ٤٠)ســـەعات دەبێت لە ساڵێکدا لە هەندێک لە ویـــلایەتەکانی وەکـ ( بـــافاریا و بەرلیـــن) (Wendt *et al*.,2016; OECD,2022 ).

**١-٥-٣/ئەزموونی سوید( Sweden's experience)**

لەزۆربەی شـارەوانیەکان مامۆسـتایان لەکاتی کاردا (١٠٤)سـەعات ڕاهێنان وەردەگرن لەلایەن کۆمەڵێک ئاسـتی جیاوازەوە دەست پێ دەکات لە ( Skolverket ) لەسەر ئاستی نیشتیمانی تێپـــەڕ دەبێت بە شارەوانیەکان تا دەگاتە بەڕێوەبەی خوێندنگە لە بوارەکـــــانی ( پێداگۆجیاو ڕێگە تازەکانی وانە ووتنەوە-بەڕێوەبردنی پۆل-ڕێک کردنەوەی ڕەفتاری -بنیاد نانی ژینگەی پەروەدەیی ئەرێنی و گشـتگیر -دیزاینی ئامرازەکانی هەڵســەنگاندنی چالاک-پەروەردەی تایبەت-گونجاندن لەگەڵ پێشینەی جیاوازی خوێندکاران لە ڕووی زمانەوانی و ڕۆشـــــــــنبیری و دەرونی-گۆڕینی پرۆگرام بەجۆرێک لە خزمەتی فێرخوازان بێت-تەکنەلۆجیای فێرکاری- پاڵشـتی دەرونی خوێندکار- پتەوکردنی پەیوەندی ئەرێنی نێوان مامۆســـتاو خوێندکار- مامەڵەکردن لەگەڵ چەپاندن و پەستانی دەرونـــــــی لەناو خوێندنگـــــــــــــــــــــــــــە ) ( 2011 ( Skolvert,2024;Wermke,.

**١-٥-٤/ئەزموونی سعودیە( Saudi state experience)**

لە ساڵێکدا ٣ڕۆژ تەرخان دەکرێت بۆ ڕاهێنان لە کاتی دەوامی فەرمی دا بە جۆرێک لە هەر ڕۆژێک دا ٥کاتژمێر کە لە ماوەی ٤ساڵ دا دەکاتە ٦٠ کاتژمێر( وزارة التعليم السعودية, 2025 ).

**١-٥-٥/ئەزموونی ولایەتە یەکگرتووەکان( United States experience)**

دەگۆڕێت بەپێی ولایەتەکان، بۆ نمونە ولایەتی ئارکنساس ( ٦٠ ) کاتژمێرە لە ساڵێک دا ، لە کاتێکدا ئیـــندیانا ( ٩٠) یەکە ئەبدەیتە، وە ماساتشوستس ( ١٥٠) خاڵی پەرەپێدانە( Wikipedia,2025a ).

**١-٥-٦/ئەزموونی چین(China's experience)**

ڕاهێنان لە کاتی دەوامـــی فەرمیدا ئەنجام دەدرێت زۆربەی کات لە کاتی کاردا،کە خۆی دەبینێتەوە لەبواری پسپۆری ( ٨٤٪ )وە ڕێگەکانی وانە ووتنەوە ( ١٦٪ ) (Wikipedia,2025c ).

خولەکانی شیاندن و تواناسازیی مامۆستایان بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەموو سیستمێکی پەروەردەییە ئەم خولانەش لە چین بایەخێکی زۆریان پێ دەدرێت ، هەموو مامۆسـتایەک دەبێت لە ماوەی( ٥ )سـاڵدا( ٣٦٠)کاتژمێر بۆ تواناسـازی خۆی تەرخان بکات بەشێک لەم خولانە لە ناوەندەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان دا دەبن و بەشێکی دیکەشی لە زانکۆکاندا.لەم خولانەدا بابەتەکانی وەکو ( پەروەردەی گشتی -تواناسازی وانەکان-دەروونناسی-دیداکتیک-تواناسازی کۆمەڵایەتی -تواناسازی زانستی و ....هتد . دەخوێنرێن . مەرجی سەرەکی لەم کارەدا ئەوەیە دەبێت نیوەی خولەکان (١٨٠) کاتژمێر پەیوەندیان بە کاری کردەیی مامۆستاکان (بۆ نموونە دیداکتیک )ـــــــەوە هەبێت لەناو پۆل دا(فایەق ،٢٠٢٤،ل٣١-٣٢).

**١-٥-٧/ئەزموونی فینلاند( Finland's experience)**

لە فینلاند ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی ئەرک دا (دەامی فەرمی) بە پەرەپێدانی پیشەی بەردەوام پێناسە دەکرێت( بەرنامەی پەرەپێدانی پیشەیی ئەنجام دەدرێت (CPD: Continuing Professional Development لەناو قوتانخانەکان بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەر و مامۆستا شارەزاکان کە بەشێکە لە پلانی پەرەپێدانی دامەزراوەیی،سیتمی خوێندنی فینلاند هانی فێربوونی هەرەوەزی دەدات لە نێوان هاوپیشەکان وە ڕاهێنان لە چوارچێوەی کاردایە و چالاکی زیادە نیەو ئەرکێکی پیشەییەو لە هەندێک لە شارەوانی و قوتابخانەکان ڕاهێنانی بەردەوام هۆکارێکە بۆ پلە بەرزبوونەوە وەرگرتنی پۆستی باڵاتر ( Eurydice,2024 ).

مامۆستایانی سەرەتای و دووناوەندی کە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرن کە ئەمە مەرجی مامۆستاییەو پێش ئەوەی ببنە مامۆستا لە زانکۆکان ئامادەکراون بۆ پیشەی مامۆستایی لەکاتی بوون بەمامۆستاش زانکۆ بەرنامەی ڕاهێنان و پەرەپێدان بۆ مامۆستایان دابین دەکەن کە تیشک دەخەنە سەر گرێدانی توێژینەوەی زانستی و ئەزموونی هاوینەیی، کە وۆرک شۆپ و دبلۆمی پیشەی کورت لەخۆ دەگرێت( Niemi , 2015 ).

هەبوونی سەنتەری پەرەپێدانی پەروەردەیی ناوخۆیی وەک سەنتەری فینلەندی فێرکردنی بەردەوام ، ئەم سەنتەرانە خول لەم بوارانە دەکەنەوە ( تەکنەلۆجیای پەروەردەیی- یەکگرتنی پەروەردەیی-پەروەردەی تایبەت-کارامەیی هەڵسەنگاندن)( Sahlberg ,2011 ).

بەرنامەی ڕێنمایی هاوپیشەیی کە مامۆستایانی شارەزاو بەئەزموون لەناو خوێندنگەدا هاوکاری مامۆستای نوێ دەکەن و ڕاهێنان لە فینلاند ئیلزامی نیە ( Niemi , 2015 ).

**دووەم /توێژینەوەکانی پێشوو ( Previous Studies )**

**٢-١/توێژینەوەی ( Rasool&Zana :2023 ) :**

**An Analysis of Kurdish EFL Basic Teachers' Needs for Designing an Effective In – service Teacher Training course**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری کۆرسی ڕاهێنانە لەسەر مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان (کارامەیی و زانیاری و باوەڕیان بە پەرەپێدان و ڕاهێنان) کە بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاهێنان بە مامۆستایان کراوە و پاشان بە شێوەی چاوپێکەوتن و مەیدانی ڕای بەشداربووان وەرگیراوە ، بەشداربووانی توێژینەوە کە پێکهاتوون لە (١٢) کەس کە شەشیان مامۆستای ئینگلیزی قۆناغی (٧-٩)ن وەسیانیان سەرپەرشتیاری مامۆستایانن وەسیانیان بەڕێوەبەرن کە پارێزگای سلێمانی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە بۆشاییەکی گەورە هەیە لەڕاهێنانی مامۆستایانی ئینگلیزی لەکاتی خزمەت دا بە جۆرێک لەو( ٦) مامۆستایە تەنها یەکێکیان لەماوەی ٥ساڵی پێشوودا ڕاهێنانی وەرگرتووە کە دەکاتە (١٧٪) ی بەشداربووان وە (٨٣٪) ی مامۆستایان هیچ ڕاهێنانێکیان وەرنەگرتووە، لەپاش وەرگرتنی ڕاهێنانەکان مامۆستایان پێان باش بووە لە کاتی دەوامی ڕەسمی دا بۆ دوو هەفتە ڕاهێنان وەربگرن و پێیان وابووە وەرگرتنی دوو هەفتە مۆڵەت دەتوانرێت لە دواتردا بۆ خوێندکاران قەرەبوو بکرێتەوە.

باوەڕی سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران ئەرێنی بووەو پێان وایە گرنگە مامۆستایان ڕاهێنان وەربگرن و ڕاهێنانەکان پاڵنەر بن بۆ سەربەخۆیی مامۆستایان و تەنها پشت نەبەستن بە کتێب، ببێتە هۆی باشتر کردنی ئاست و مامەڵەی مامۆستایان و دروست کردنی مامۆستای کاریگەر، مامۆستایان ئاشنا بکەن بە ستراتیژی نوێی وانە ووتنەوەو ئەنجام دانی چالاکیەکان بەشێوەی گروپ، وا لە مامۆستایان بکات کە بتوانن ڕەچاوی جیاوازی تاک بکەن، هانی مامۆستایان بدات بۆ بەکارهێنانی

sjh@univsul.edu.iq

چالاکیەکانی هەژاندی مێشـــک (بیرۆکە باران) brain stoming، ڕاهێنانی مامۆســـتایان لەســـەر تەکنەلۆجیاو ئنتەرنێت بۆ خزمەتی خوێندکاران و بەکارهێنانی بەرنامەکانی ۆردو ئیگســڵ وپاوەر پۆینت، ڕێگە بە مامۆســـتایان بدرێت بەشــداری بکەن وگفتوگۆ بکەن وئاڵوگۆری بیرو ڕاکانیان بکەن، خولەکان پێویستە ڕۆڵی ( TOT )بگێرن.

**٢-٢/توێژینەوەی (محمد و رنا،٢٠١٩):**

**اثر إستراتيجيتين تدريسيتين في تنمية الميول العلمية والتحصيل الدراسي لطلبة السابع الاساسي (في مادة العلوم) وتحليل محتوى التعلم**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ڕێگەکانی وانەووتنەوەی دۆزینەوەو گەڕان وە ڕێگەی خســـتنە ڕوو لەســـەر ئارەزووی خوێندکارانی پۆلی حەوتەم بۆ وانەی زانستەکان و دەستکەوتیان .سامپڵی توێژینەوەکە پێک دێت لە (٢١)مامۆستا و دوو پۆل خوێندکار کە ژمارەیان( ٩٣)خوێندکارە کە (٤٥)خوێندکاریان بە ستراتیژی گەڕان و دۆزینەوە بابەتی زانســتەکانیان خوێندووە وە (٤٨)خوێندکاریان بە ڕێگەی خســـتنەڕوو بابەتی زانســـتەکانیان خوێندووە ، ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخســـتووە ئەو خوێندکارانەی بە ڕێگەی دۆزینەوەو گەڕان بابەتی زانســـتەکانیان خوێندووە ئارەزوویان بۆ وانەکە زیاترەو لە بەرامبەریش دا دەستکەوتی خوێندنیشیان زیاترە.

**٢-٣/توێژینەوەی (عمر،٢٠١٥):**

**استراتيجية برامج التدريب و دورها في تحسين أداء المديرين في مدارس الحكومية**

توێژینەوەکە پێک دێت لە (٦٠)برگە بە سـکێڵی لیگەرتی (٥)خانەیی ، ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکاریە،بۆ ئامرازە ئاماریەکان(دووبارەبوونەوەو ڕێژەی سـەدی بەکارهێناوە بۆ وەسف کردنی تایبەتمەندیەکانی تاکی سـامپڵی توێژینەوەکە) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە بەڕێوەبەری خوێندنگە حکومیەکانی پارێزگای سـلێمانی پێک هاتووە کە ژمارەیان (٥٢٧)خوێندنگەیەو سـامپڵی توێژینەوەکە لە (١٥٠)بەڕێوەبەر پێکهاتوون.

ئەنجامی تێستی گریمانەکانی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە پەیوەندی ئەرێنی هەیەلەنێوان هەریەک لە (ستراتیژی ڕاهێنان -دیاریکردنی پێداویســـتیە ڕاهێنانیەکان-ئامانجی بەرنامەی ڕاهێنان-دیزاینی بەرنامەی ڕاهێنان-جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ڕاهێنان-هەڵسەنگاندنی بەرنامەی ڕاهێنان)و کارایی بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگە حکومیەکان.

**بەشی سێهەم/ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە( Procedures of Research ):**

**یەکەم/ڕێبازی توێژینەوەکە(Research Methodology ):**

توێژەران پشتیان بە ڕێبازی وەسفی بە شێوازی ڕووپێوی بەراوردکاری بەستووە،بەو پێیەی گونجاوترینە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا، کە ئامانج لێی وەســـف کردنی واقعی بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ســـتراتیژی ڕاهێنانە لە وانەکان و زانینی ئاراســـتەی خوێندکاران بۆ وانەکان و پەســـەندی ئەم ڕێگایانەو ڕێگەی وانەبێژی لای خوێندکاران ، پاشـــان بەراووردکردنی ئاراســـتەی خوێندکاران لەو ئامادەییانەی کە زۆرترین ڕێگەی وانەووتنەوەی نـاو ســـتراتیژی ڕاهێنـانیـان بەکـار هێنـاوە وە ئەو ئامادەییانەی کە کەمترین ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە( مسعود،٢٠١٨، ٢٢٧-٢٨٦).

**دووەم/دەست نیشان کردنی نموونەو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە( Research Population and Samples ):**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە خوێندکارانی پۆلی دەیەمی زانستی لەئامادەییەکانی بەیانیانی بەڕێوەبەراتی ڕۆژئاوای پەروەدەردەی ســـلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بۆ ســـاڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥)،لە نێو (٦٠)ئامادەیی (١١)ئامادەیی بەیانیانی کوڕان وکچان بەبێ ئامادەییەکانی ئێواران هەڵبژێردران بە شـــێوەی هەڕەمەکی وەک ســـامپڵی توێژینەوەکە ، لە نێو هەر

ئامادەییەک یەک پۆل دەستنیشان کرا بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسیەکە کە سەرجەمی خوێندکارانی بەشدار بوو لە توێژینەوەکە (٢١٨) خوێندکار بوون.

لەپاش وەرگرتنی ڕێگەپێدانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە ئەم ئامادەییانە بەشێوەی هەڕەمەکی ڕاپرسیەکەیان تێدا ئەنجام درا کە بریتی بوون لە ئامادەیی(شیرینی کچان-ڕەنگینی کچان-برادۆستی کچان -سەروەرانی کوران-کۆساری کوران-ڕۆشنبیری کوران-بەختیاری کچان -ڕەوشەن بەدرخانی کچان-شێرکۆ بێکەسی کچان -بەردەقارەمانی تێکەڵاو-حیلمی علی شریفی کوران)،وەک لە خشتەی (٢)دا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (٢):ژمارەی خوێندکاران لەو ئامادەییانەی بەشداربوون لە توێژینەوەکەدا**

| ناوی ئامادەیی | ژ.خوێندکار | ناوی ئامادەیی | ژ.خوێندکار |
|---|---|---|---|
| ئا.شێرکۆ بێکەس | ٢٠ | ئا.ڕۆشنبیر | ٢٠ |
| ئا.برادۆست | ١٦ | ئا.ڕەوشەن بەدرخان | ١٨ |
| ئا.شیرین | ٢٠ | ئا.بەردەقارەمان | ١٩ |
| ئا.سەروەران | ٢٠ | ئا.حیلمی علی شریف | ٢٧ |
| ئا.کۆسار | ٢١ | ئا.بەختیاری | ١٥ |
| ئا.ڕەنگین | ٢٢ | سەرجەم | ٢١٨ |

**سێیەم /جێ بەجێ کردنی ئامرازی توێژینەوەکە( Procedures of the Research ) :**

لە بەرواری ( ٢٠٢٥/٤/٢١) تا بەرواری( ٥/٥ ) سەردانی هەریەک لەو (١١)ئامادەییە کرا کە لە توێژینەوەکەدا بەشدار بوون ،نیو کاتژمێری سەرەتایی لە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە هەریەک لە ڕێگەکانی (نەخشەی هزری-نەخشەی چەمکەکان-

سوکراتی – هاوکاری هاوتەمەنەکان-جیگسۆ-بیرکردنەوەی شەش گۆشەیی – وانەبێژی) هەنگاوەکانی و شێوازی جێ بەجێ کردنی لە پۆل دا بۆ خوێندکاران ڕوون کرایەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەناسین و ناوی ڕێگەکانی وانەووتنەوە لەلای خوێندکاران، پاشان دەستکرا بە دابەش کردنی ڕاپرسیەکە بەسەر خوێندکاران دا.

**چوارەم /ئامرازی توێژینەوەکە( Tools of the Research ):**

بەمەبەستی بەجێ هێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران هەستان بە دروست کردنی ڕاپرسیەک کە پێک هاتبوو لە (٣) فۆرم ، فۆرمی یەکەم بەکارهێنرا بۆ زانینی ژمارەی بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ئامادەییەکان و وانەکان، فۆرمی دووەم بۆ زانینی ئاراستەی خوێندکاران بۆ خۆشەویستی و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی وانەکان،فۆرمی سێیەم بۆ زانینی ئاراستەی خوێندکاران بەرامبەر بە بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕێگەی وانە بێژی و فێربوونی وانەکان بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە لە لای خوێندکاران ، کە سەرجەمیان پێک هاتبوون لە (٢١) برگە.

**پێنجەم /ڕاستی ڕاپرسیەکە( Questionnaire Validity ):**

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ڕواڵەتی ڕاپرسیەکە ، ڕاپرسیەکە خرایە بەر دەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان بۆ زانینی گونجاوی برگەکانی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (١٣)شارەزا بوون وەک لە پاشکۆی(١) ئاماژەی پێدراوە، سەرجەم برگەکان ڕەزامەندی (٨٥٪)ی شارەزایانی لەسەر بوو،لەژێر ڕۆشنایی سەرنج وتێبینیەکانیان برگەکانی ڕاپرسیەکە دارێژرایەوە کە لە (٣)

فۆرم و (٢١) برگە پێک هاتبوو. بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی زمانەوانی توێژینەوەکە خرایە بەردەست پسپۆڕی زمانی کوردی بۆ دڵنیابوون لە هەڵەی کەم و کورتی زمانەوانی .

**شەشەم / جێگری ڕاپرسیەکە( Questionnaire Reliability ):**

بۆ دۆزینەوەی جێگیری ڕاپرسیەکە ڕێگەی ( Test-Retest )بەکار هێنرا ، زیاتر لە(١٠٠)خوێندکاری ئامادەیی ڕێژینی کچان هەڵبژێردران بۆ ئەم مەبەستە لە بەرواری (٢٠٢٥/٣/٢٥) بۆ جاری یەکەم ڕاپرسیەکە خرایە بەر دەستی خوێندکاران لە پاش دوو هەفتە لە بەرواری (٢٠٢٥/٤/٨) دووبارە جێ بە جێ کرایەوە ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن دۆزرایەوە کە برەکەی ( ٠.٩٤٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاپرسیەکە جێگریەکی بەرزی هەیە(امانی و سید, 2014 , 129).

**حەوتەم/هاوکێشە ئاماریەکان( Statistical equations ):**

**بەرنامەکانی ( Excel ) و( Spss )** بەکارهێنران بۆ چارەسەری ئاماری وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

**٧-١/**هاوکێشەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ زانینی جێگیری ڕاپرسیەکە بەکارهێنرا.

**٧-٢/** ( Two -Independent T-test ) بۆ زانینی جیاوازی لە ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکان پاش زانینی مەرجی نۆرماڵتی داتاکان بەکارهێنرا پاش دڵنیا بوونەوە لە نۆرماڵتی داتاکان.

**٧-٣/**هاوکێشەی نیوەندی ژمێرەیی وڕێژەی سەدی.

**٧-٤/**هاوکێشەی لادانی پێوەری

**٧-٥/**تێستی نۆرماڵتی کە مەرجی ئەنجام دانی تی تێستە.


**بەشی چوارەم/خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان( Presentation and Analysis of Results ):**

**یەکەم/فۆرمی یەکەم-** زانینی ڕادەی بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان لە هەریەک لەم بابەتانەی خوارەوە:

**خشتەی ( ٣):** ڕێژەی سەدی وەڵامی خوێندکاری سەرجەم ئامادەییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکان لە وانەکان:

| | زمانی کوردی | زمانی ئینگلیزی | بیرکاری | زمانی عربی | کیمیا | فیزیا | زیندزانی | پەروەردەی ئایینی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگەی نەخشەی هزری | ٪٤٠.٣٧ | ٪١٨.٣٥ | ٪١٧.٨٩ | ٪٣٦.٢٤ | ٪٤٣.١٢ | ٪٣٦.٢٤ | ٪٦٨.٣٥ | ٪٤.٥٩ | ٪٣٣ |
| | ٨٨ | ٤٠ | ٣٩ | ٧٩ | ٩٤ | ٧٩ | ١٤٩ | ١٠ | ٥٧٨ |
| ڕێگەی نەخشەی چەمکەکان | ٪٣٧.٦١ | ٪١٧.٨٩ | ٪٩.٦٣ | ٪٣٣.٩٤ | ٪٣٥.٧٨ | ٪٢٧.٩٨ | ٪٦١.٩٣ | ٪٤.٥٩ | ٪٢٩ |
| | ٨٢ | ٣٩ | ٢١ | ٧٤ | ٧٨ | ٦١ | ١٣٥ | ١٠ | ٥٠٠ |
| ڕێگەی هاوکاری هاوتەمەنەکان | ٪٣١.١٩ | ٪٢٨.٩ | ٪٣٤.٨٦ | ٪٢١.٥٦ | ٪٣١.٦٥ | ٪٢٤.٧٧ | ٪٣٨.٩٩ | ٪١١.٩٣ | ٪٢٨ |
| | ٦٨ | ٦٣ | ٧٦ | ٤٧ | ٦٩ | ٥٤ | ٨٥ | ٢٦ | ٤٨٨ |
| ستراتیژی جیگسۆ | ٪٨.٧٢ | ٪١٠.٥٥ | ٪١٠.٥٥ | ٪٧.٨ | ٪٢٣.٣٩ | ٪١٦.٦ | ٪٣٣.٠٣ | ٪٤.٥٩ | ٪١٤ |
| | ١٩ | ٢٣ | ٢٣ | ١٧ | ٥١ | ٣٥ | ٧٢ | ١٠ | ٢٥٠ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سیمیناری سوکراتی | ٪١٧.٤٣ | ٪١٦.٠٦ | ٪١٣.٧٦ | ٪١٤.٦٨ | ٪١٥.١٤ | ٪١٦.٩٧ | ٪٢٣.٨٥ | ٪١٥.٦ | ٪١٧ |
| | ٣٨ | ٣٥ | ٣٠ | ٣٢ | ٣٣ | ٣٧ | ٥٢ | ٣٤ | ٢٩١ |
| بیرکردنەوەی شەشگۆشەیی | ٪٧.٨ | ٪٨.٧٢ | ٪٥ | ٪٥ | ٪١١ | ٪٨.٧٢ | ٪١٧.٨٩ | ٪٤.١٣ | ٪٨.٥ |
| | ١٧ | ١٩ | ١١ | ١١ | ٢٤ | ١٩ | ٣٩ | ٩ | ١٤٩ |





**وێنەی هێڵکاری ( ٢ ):** هێڵکاری ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی ڕێگەکان لە سەرجەم وانەکان و ئامادەییەکان

لە خشـــتەی ( 3) دەردەکەوێت هەریەک لەوانەکانی زمانی کوردی ،زمانی عربی ،کیمیا،فیزیا وە زیندەزانی ڕێگەی نەخشـــەی هزری بە زۆرترین ڕێژە بەکارهاتووە، لە وانەکانی زمانی ئینگلیزی و بیرکاری ڕێگەی هاوکاری هاوتەمەنەکان بە زۆرترین ڕێژە بەکارهاتووە.

زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگەکان لە ســـەرجەم وانەکان ڕێگەی نەخشـــەی هزریە ، ڕێگەی بیرکردنەوەی شـــەش گۆشـــەیی کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەبووە وەک لە وێنەی هێڵکاری ( ٢ ) ڕوون کراوەتەوە کە ئەمەش بە ڕای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایانە لەبەر داخســـتنی ئامادەییەکان و بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن کەمتر بەکارهاتوون و کۆتا ڕێگە بوو لە ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان.

زۆرترین ژمارەی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ســـتراتیژی ڕاهێنانی مامۆســـتایان لە ســـەرجەم وانەکان لەئامادەیی بەردەقارەمانی تێکەڵاو پاشـــان ئامادەیی ڕەنگینی کچان بەکارهێنرابوون وە کەمترینیان لە ئامادەیی ڕۆشـــنبیری کوڕان و ئامادەیی کۆساری کوڕان بەکارهاتووە،وەک لە وێنەی هێڵکاری ( ٣ ) ڕوون کراوەتەوە.





**وێنەی هێڵکاری ( ٣ ):**ڕیزبەندی ئامادەییەکان بۆ بەکارهێنانی سەرجەم ڕێگەکان لە وانەکان

**دووەم/فۆرمی دووەم** ـئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن:

**خشتەی ( ٤ ):** ئاراستەی خوێندکارانی سەرجەم ئامادەییەکان بۆ وانەکانی خوێندن

| | زۆر ڕازیم ( ٥ نمرە) | ڕازیم ( ٤ نمرە) | بێ لایەنم ( ٣ نمرە) | نارازیم ( ٢ نمرە) | زۆر نارازیم ( ١ نمرە) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری SD | ژ.خوێندکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زمانی کوردی | ٥١ | ٤٤ | ٤٧ | ٢٠ | ٥٦ | ٣.٠٦٤٢ | ١.٥٠٤ | ٢١٨ |
| | ٪٢٣.٤ | ٪٢٠.٢ | ٪٢١.٦ | ٪٩.٢ | ٪٢٥.٧ | | | |
| کیمیا | ٨٤ | ٦١ | ٣١ | ٢٢ | ٢٠ | ٣.٧٦٦١ | ١.٣٠٧ | ٢١٨ |
| | ٪٣٨.٥ | ٪٢٨ | ٪١٤.٢ | ٪١٠.١ | ٪٩.٢ | | | |
| زمانی ئینگلیزی | ٧٥ | ٤٤ | ٤٨ | ٢٠ | ٣٠ | ٣.٥٢٥٣ | ١.٤٠١ | ٢١٧ |
| | ٪٣٤.٤ | ٪٢٠.٢ | ٪٢٢ | ٪٩.٢ | ٪١٣.٨ | | | |
| فیزیا | ٥٦ | ٣٦ | ٢٧ | ٣٨ | ٦١ | ٢.٩٤٥٠ | ١.٥٧٩ | ٢١٨ |
| | ٪٢٥.٧ | ٪١٦.٥ | ٪١٢.٤ | ٪١٧.٤ | ٪٢٨.٠ | | | |
| زیندەزانی | ٧٤ | ٤٩ | ٥٢ | ٢١ | ٢١ | ٣.٦١٧٥ | ١.٣٠٣ | ٢١٧ |
| | ٪٣٣.٩ | ٪٢٢.٥ | ٪٢٣.٩ | ٪٩.٦ | ٪٩.٦ | | | |
| پەروەردەی ئیسلامی | ١١٥ | ٤٣ | ١٩ | ١٩ | ٢٢ | ٣.٩٦٣٣ | ١.٣٧٠ | ٢١٨ |
| | ٪٥٢.٨ | ٪١٩.٧ | ٪٨.٧ | ٪٨.٧ | ٪١٠.١ | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زمانی عەرەبی | ٣٩ | ٥١ | ٤٢ | ٣٤ | ٥١ | ٢.٩٦٧٧ | ١.٤٣٥ | ٢١٧ |
| | ٪١٧.٩ | ٪٢٣.٤ | ٪١٩.٣ | ٪١٥.٦ | ٪٢٣.٤ | | | |
| بیرکاری | ٥٥ | ٦٣ | ٣٨ | ٢٦ | ٣٦ | ٣.٣٤٤ | ١.٤٠٩ | ٢١٨ |
| | ٪٢٥.٢ | ٪٢٨.٩ | ٪١٧.٤ | ٪١١.٩ | ٪١٦.٥ | | | |




**وێنەی هێڵکاری ( ٤ ):**ناوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکارانی سەرجەم ئامادەییەکان بۆ وانەکانی خوێندن

وەک لە خشتەی (4) وە هێڵکاری (٤) دا ڕوون کراوەتەوە تێکڕای خوێندکارانی سەرجەم ئامادەییەکان ئاڕاستەی ئەرێنیان هەیە بۆ خۆشویستنی وانەکانی (کیمیا-زمانی ئینگلیزی-زیندەزانی -پەروەردەی ئیسلامی)وە دڵخۆشن بە فێربوونی وانەکان، وەئاراستەی بێ لایەن پشان دەدەن بۆ خۆشەویستیان بۆ وانەکانی (زمانی کوردی -فیزیا-زمانی عربی-بیرکاری) وە بێلایەنیان هەڵبژاردووە بۆ دڵخۆش بوونیان بۆ فێربوونی ئەم وانانە ، واتە نە پێیان وایە خۆشەویستی و دڵخۆشیان هەیە بۆ ئەم وانانە نە ڕق و بێزاریان هەیە بۆ ئەم وانانە و بێ لایەن.

**سێیەم/ زانینی ئاڕاستەی خوێندکاران بۆ سەرجەم وانەکان لەو ئامادەییانەی کە زۆرترین وە لەو ئامادەییانەی کەکەمترین ڕێگەکانی وانەووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە:**

بەمەبەستی زانینی هەبوونی جیاوازی لە نێوەندی ژمێرەیی لە ئاراستەی خوێندکاران بۆ سەرجەم وانەکان لە ئامادەیی ڕەنگینی کچان و ئامادەیی بەردەقارەمانی تێکەڵاو کەمزۆرترین ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە وە ئامادەیی کۆساری کوران و ئامادەیی ڕۆشنبیری کوران کەکەمترین ڕێگەی وانەووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایانیان بەکارهێناوە توێژەران تاقیکردنەوەی ( Two independent T-test)یان بەکارهێنا پاش ئەنجامدانی تێستی نۆرماڵتی، ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکە لە خشتەی ( ٥ )دا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ( ٥ ):**ئەنجامی ( Two independent T-test) بۆ زانینی جیاوازی لە نێوەندی ژمێرەیی لە ئاراستەی خوێندکاران بۆ سەرجەم وانەکان لە ئامادەیی ڕەنگینی کچان و ئامادەیی بەردەقارەمانی تێکەڵاو کەمزۆرترین ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە وە ئامادەیی کۆساری کوران و ئامادەیی ڕۆشنبیری



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کـــــوران کەکەمتـــــــرین ڕێـــــــگەی وانەووتـــــــنەوەی نــــــاو ســــــتراتیژی ڕاهێنـــــــانی مامۆستـــــــایانیان بەکارهێنـــــــــــــــاوەبەرنامەی ( SPSS )

| Independent Samples Test | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Levene's Test for Equality of Variances | | t-test for Equality of Means | | | | | | |
| | F | Sig. | t | df | Sig. (2-tailed) | Mean Difference | Std. Error Difference | 95% Confidence Interval of the Difference | |
| | | | | | | | | Upper | Lower |
| Equal variances assumed | ١٢.١٥٩ | ٠.٠٠١ | ٣.٤٨٢ | ٨٠ | ٠.٠٠١ | ٠.٥٢٦١٢ | ٠.١٥١٠٩ | ٠.٨٢٦٧٩ | ٠.٢٢٥٤٥ |
| Equal variances not assumed | | | ٣.٤٨٢ | ٦٤.٠٩٦ | ٠.٠٠١ | ٠.٥٢٦١٢ | ٠.١٥١٠٩ | ٠.٨٢٧٩٤ | ٠.٢٢٤٣٠ |

وەک لە خشتەی (5) دا دەردەکەوێت نرخی تائی هەژمـــــــــــارکراو دەکاتە ( t= ٣.٤٨٢) وە نمـــرەی ئازاد دەکاتـە ( ٦٤ = df )بەمــــــش نرخی تائی هەژمار کراو زۆر گـــــــەورەترە لە (Tabulated t = ٢.٠٠ ) وە(Sig.= ٠.٠٠١ ) لە ( ٠.٠٥ )بچوکترە ئەمەش دەریدەخات کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەکانی خوێندن لە ئامادەیی ڕەنگینی کچان و ئـامادەیی بەردەقارەمانی تێکەڵاو بەتێکڕای (٣.٧٠٧٣)وە لادانی پێوەری(٠.٤٨٤٦١) کەزۆرترین ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە ئاراستەی ئەرێنی پیشان دەدەن بۆ خۆش ویستن و دڵخۆشیان بە فێربوونی وانەکان ، خوێندکارانی ئامادەیی کۆســـاری کوران و ئامادەیی ڕۆشـــنبیری کوران بە تێکڕایی(٣.١٨١٢)ولادانی پێوەری(٠.٨٣٧٢٩) کەکەمترین ڕێگەی وانەووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستـــــــــایانیان بەکارهێناوە ئاراستەی بێ لایەنیان پشان داوە بۆ خۆشەویستی ودڵخۆشی فێربوونی سەرجەم وانەکان .

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەرچەند نێوەندی ژمێرەیی بۆ ئاراستەی خوێندکارانی سەرجەم ئامادەییەکان بۆ بابەتی فیزیا دەکاتە (٢.٩٤٥) بەڵام لە کاتێکدا کە لەو ئامادەییەی کە زۆرترین ڕادەی ڕێگەکان بەکارهێنراوە لە لەلایەن مامۆســـتای فیزیا بە بەراورد بە سەرجەم ئامادەییەکانی تر نێوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکاران (٤.٥)ــــــــە بۆ بابەتی فیزیا کە پیشانی دەدات، کە خوێندکاران زۆر ئەرێنین بەرامبەر خۆشـــەویســـتیان بۆ وانەی فیزیا و دڵخۆشـــن بە فێربوونی، لەو ئامادەییانەی کە کەمترین ڕێژەی ڕێگەکان بەکارهاتووە لە وانەی فیزیادا نێوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکاران (١.٥٢٦)ــــە بۆ وانەی فیزیا کە ئاماژەیە بۆ ئاراستەی زۆر نەرێنی خوێندکاران بۆ خۆشـــەویســـتیان بۆ وانەی فیزیاو دڵخۆشـــیان بۆ فێربوونی وانەکە، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوەی هەرچەند

نێوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەی فیزیا کەمترینەوبێ لایەنی پیشان دەدەن بۆ خۆشەویستی و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی وانەکە بەڵام بە بەکارهێنانی ڕێگەکان ئاراستەی خوێندکاران بۆ ئاستی زۆر ئەرێنی بوون بۆ خۆشەویستیان بۆ وانەی فیزیاو دڵخۆشیان بۆ فێربوونی زۆرترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جۆراو جۆری لە ڕێگەی وانە ووتنەوە ڕەچاوی جیاوازی کەسی دەکات و هەر ڕێگەیەک دەبێتە هۆی ڕەزامەندی کۆمەڵێك خوێندکار و هیچ خوێندکارێک بە ناچالاک نامێنێتەوە لە کاتێکدا بەکارهێنانی یەک ڕێگەی وانەووتنەوە بە درێژایی ساڵ تەنها چەند خوێندکارێک کارلێکی لەگەڵ دەکەن و ئەوانی تر بە ناچالاکی دەمێننەوە لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی بێزاری خوێندکاران لە وانەکە و دڵخۆشیان نابێت بۆ فێربوونی وانەکە.


ئەم ئەنجامانەش پشتگیری هەریەک لە توێژینەوەکانی ( Rasool&Zana، 2023 ) دەکات کە دەریان خستووە ڕاهێنانەکان کاریگەریان هەیە لەسەر کارای مامۆستایان و وە ڕێگەکانیش ڕەچاوی جیاوازی دەکەن وەک لەم توێژینەوەیە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەران داوایان کردبوو کە ڕاهێنانەکان ڕەچاوی جیاوازی تاک لە خوێندکاران دا بکەن بۆ فێربوون.

ڕاهێنانەکان لە توێژینەوەکەی (عمر ،٢٠١٥) کە لەسەر ڕاهێنانی بەڕێوەبەران ئەنجام درا بوو ببووە هۆی بەرز کردنەوەی کارایی بەڕێوەبەران ،ئەم ئەنجامانە بۆ مامۆستایانیش بە هەمان شێوەیە ئەگەر کار بە بابەتەکانی ناو ڕاهێنانەکان بکەن.

**چوارەم/فۆرمی سێهەم-** ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانەووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان و ڕێگەی وانەبێژی فێربوونیان لە وانەکان بەبەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە:

**خشتەی ژمارە(٦):** ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانەووتنەوە

| ڕێگەی | زۆر ڕازیم ( ٥ نمرە ) | ڕازیم ( ٤ نمرە ) | بێ لایەنم ( ٣ نمرە ) | ناڕازیم ( ٢ نمرە ) | زۆر ناڕازیم ( ١ نمرە ) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری SD | ژ.خوێندکار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخشەی هزری | ١٠٣ | ٦١ | ٣٢ | ١٠ | ١٢ | ٤.٠٦٨٨ | ١.١٣٩ | ٢١٨ |
| | ٤٧.٢٪ | ٢٨٪ | ١٤.٧٪ | ٤.٦٪ | ٥.٥٪ | | | |
| نەخشەی چەمکەکان | ٨٨ | ٥٧ | ٤٠ | ١٦ | ١٤ | ٣.٨٧٩١ | ١.٢١٢ | ٢١٥ |
| | ٤٠.٤٪ | ٢٦.١٪ | ١٨.٣٪ | ٧.٣٪ | ٦.٤٪ | | | |
| هاوکاری هاوتەمەنەکان | ١٠٦ | ٢٩ | ٣٤ | ١٦ | ٢٨ | ٣.٧٩٣٤ | ١.٤٥١ | ٢١٣ |
| | ٤٨.٦٪ | ١٣.٣٪ | ١٥.٦٪ | ٧.٣٪ | ١٢.٨٪ | | | |
| ستراتیژی جیگسۆ | ٧٥ | ٣٧ | ٣٩ | ٢٣ | ٤٠ | ٣.٣٩٢٥ | ١.٥١٢ | ٢١٤ |
| | ٣٤.٤٪ | ١٧٪ | ١٧.٩٪ | ١٠.٦٪ | ١٨.٣٪ | | | |
| سیمیناری سوکراتی | ٦٦ | ٣٨ | ٤١ | ٢٨ | ٣٩ | ٣.٣٠١٩ | ١.٤٨٧ | ٢١٢ |
| | ٣٠.٣٪ | ١٧.٤٪ | ١٨.٨٪ | ١٢.٨٪ | ١٧.٩٪ | | | |
| بیرکردنەوەی شەشگۆشەیی | ٣٢ | ٣٥ | ٥٨ | ٣٧ | ٥٥ | ٢.٧٧٨٨ | ١.٣٧٦ | ٢١٧ |
| | ١٤.٧٪ | ١٦.١٪ | ٢٦.٦٪ | ١٧٪ | ٢٥.٢٪ | | | |
| ڕێگەی وانە بێژی | ٤٦ | ٢٩ | ٣٥ | ٣٥ | ٧٣ | ٢.٧٢٤٨ | ١.٥٥٣ | ٢١٨ |
| | ٢١.١٪ | ١٣.٣٪ | ١٦.١٪ | ١٦.١٪ | ٣٣.٥٪ | | | |




**وێنەی هێڵکاری (٥):** نیوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەو فێربوونیان لە وانەکان بەم ڕێگایانە

ئەنجامەکانی خشتەی (6) وە وێنەی هێڵکاری (٥) ئەوە دەردەخەن کە خوێندکاران ئاراستەی ئەرێنیان هەیە بۆ بەکارهێنانی ڕێگەی نەخشەی هزری وە دەبێتە هۆی فێربوون و تێگەیشتنیان لە وانەکان، وە وانەبێژی بە نێوەندی ژمێرەیی (٢.٧٢٤٧) کەمترین ئاستی ئاراستەی خوێندکارانەو بێ لایەنی خۆیان پیشان دەدەن بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە و فێربوونیان لە وانەکان بە هۆی ئەم ڕێگەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە وانەبێژیدا خوێندکار ناچالاکەو هیچ کارلێکێک لەگەڵ دەوروبەرو وانەکە دا ناکات و ئاستی فێربوونی خوێندکاران کەم دەبێتەوە.

ئەم ئەنجامانەش هاوشێوەن لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (محمد و رنا،٢٠١٩) ، وە پشت ڕاستی دەکەنەوە کە خوێندکاران ئەو ڕێگەیانە پەسەند دەکەن کە فێربوونی چالاک پەیرەو دەکەن واتە خوێندکار تێیدا سەنتەرە.

**بەشی پێنجەم/دەرئەنجامەکان( Conclusions ):**

١.ڕێگەی نەخشەی هزری و نەخشەی چەمکەکان زۆرترین بەکارهێنانیان هەبووە.

٢.ئەو ئامادەییانەی زیاتر ڕێگەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە نێوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکارانیان بۆ سەرجەم وانەکان زیاترە لەو ئامادەییانەی کە کەمتر ڕێگەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنانیان بەکارهێناوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گونجاوی ڕێگەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنان.

٣.ڕێگەی نەخشەی هزری زۆرترین نیوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکارانی بەدەست هێناوە بۆ بەکارهێنانی لە وانەکاندا ، بەکارهێنانی ڕێگەی وانەبێژی لای تێکرای خوێندکاران کەمترین نیوەندی ژمێرەیی ئاراستەی خوێندکارانی بەدەست هێناوە بۆ بەکارهێنانی لە وانەکان و فێربوونی خوێندکاران لە وانەکان بەهۆی ئەم ڕێگەیە.

٤.ئەو بابەتانەی دەکەونە سەرەتای پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان زیاتر لەلایەن مامۆستایان بەکارهاتووە ،وەک ڕێگەی نەخشەی هزری و نەخشەی چەمکەکان بەڵام ڕێگەی بیرکردنەوەی شەش گۆشەیی کەمترین بەکارهێنانی هەبووە هەرچەند شێوازەکەی نزیکە لەو دوو ڕێگەی نەخشەی هزری و نەخشەی چەمکەکان .

**بەشی شەشەم/ڕاسپاردەکان(Recommendations):**

١. لەم نموونەیەی خوێندکاران دا کەمترین ئاراستەی خوێندکاران هەبووە بۆ خۆشەویستیان بۆ وانەی فیزیا پاشان زمانی عربی و کوردی و بیرکاری و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی ، توێژەران وەزارەتی پەروەردە ڕادەسپێرن تا زیاتر بە دووادا چوون بۆ ئەم بابەتە بکەن.

٢.توێژەران وەزارەتی پەروەردە ڕادەسپێرن مامۆستایان زیاتر شارەزا بکەن بەو شێوازو کەرەستەو پێویستیانەی کە دەبنە هۆی کارلێک کردنی زیاتری خوێندکاران لە وانەی فیزیا وە دوواتر زمانی عربی و کوردی و بیرکاری لەڕێگەی ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایانەوە.

٣. توێژەران وەزارەتی پەروەردە ڕادەسپێرن میکانزمێک دابڕێژن تا مامۆستایان زیاتر ڕێگەکان بەکاربهێنن لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن.

٤.توێژەران وەرزارەتی پەروەردە ڕادەسپێرن ئەو بابەتانەی ڕاهێنان کە زیاتر جێی گرنگین بخرێنە سەرەتای دەستپێکی ڕاهێنان تا مامۆستایان کاتیان هەبێت زیاتر بەکاری بهێنن .

٥.بەکارهێنانی ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی ناو ستراتیژی ڕاهێنان دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکاران ئاراستەی ئەرێنیان هەبێت بۆ خۆش ویستنی وانەکان و دڵخۆشیان بۆ فێربوونی وانەکە ،لەبەر ئەم هۆکارە توێژەران مامۆستایان ڕادەسپێرن کە سوود لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایانە وەربگرن بۆ وانەکانیان .

٦. ڕێگەی وانە بێژی کەمتر لە هەموو ڕێگەکان خوێندکاران ڕەزامەندن بەبەکارهێنانی ، توێژەران مامۆستایان ڕادەسپێرن بە کەمتر بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە.

7.خوێندکارا ئاراستەی ئەرێنیان پیشان داوە بۆ وانەکانی (پەروەدەی ئیسلامی-زیندەزانی -زمانی ئینگلیزی-کیمیا) ،چونکە ئەم وانانە بەشە وانەو ناوەڕۆکی وانەکە ئاسانە بۆ تێگەشتنی خوێندکاران و پوختن ، وەک ئەو وانانە نین کە ناوەڕۆکی وانەکە قورس و زۆرە و مامۆستا ناتوانێن ڕێگەی زیاتر بەکار بهێنێت و زیاتر گرنگی بە خوێندکاران لەبەر زۆری پرۆگرامەکە، توێژەران وەزارەتی پەروەردە ڕادەسپێرێت کە ئەو وانانەی قورسن پێداچوونەوە بۆ ناوەڕۆکەکەی بکات، تا لەگەڵ ئاستی خوێندکاری کوردو توانای مامۆستایان بگونجێت.

**بەشی حەوتەم/پێشنیارەکان بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو( Suggestion for Future Studies):**

١.ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی لەسەر کاریگەری بەکارهێنانی میتۆدەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر دەستکەوت و بیرکردنەوەی ڕەخنەی و شیکاری لەلای خوێندکاران.

٢. ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی لەسەر گونجاوی میتۆدەکانی ناو ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان لەگەڵ ئاست و تەمەن و کات و ژمارەی خوێندکاران لەپۆلەکانی خوێندن دا.

sjh@univsul.edu.iq

٣.ئەنجام دانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاراستەی خوێندکاران بۆ وانەی (فیزیا-زمانی عربی – زمانی کوردی-بیرکاری) لەسەرجەم ناوچەکان و گونجاوی ناوەڕۆکی ئەم وانانە لەگەڵ تواناو تەمەنی خوێندکارانی کورد.

٤.دیزاین کردن و توێژینەوەی ئەزموونی لەو کەرەستەو ڕێگاو شێوازانەی دەبنە هۆی راکێشانی خوێندکاران بۆ وانەکانی (فیزیا-زمانی عربی – زمانی کوردی- بیرکاری).

**سەرچاوەکان(References):**


- اماني , س وسيد ,ا.(2014). *القياس والتقويم لماذا؟ وكيف؟*. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.
- آندى ، هـــ . و. (٢٠٠٠).مهنة تتصف بالمفارقات :التدريس فى نهايـــة القرن . تر: أحمد،ع.أ. *مجلة مستقبليات*،٣٠ (٢). ص٢٥.
- ئالان ،ح.س.(٢٠٢٣). *ستراتيژی ڕاهێنانی مامۆستایان ٢٠٢٣-٢٠٣٠: ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنە* [نوسراوی ئەلکترۆنی ]لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە https://kurdistanpl.com/document/3348
- حسن،ش.ح.(١٩٩٩).*اساسيات التدريب الفعال في العالم العربي*. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
- فایەق،س.(٢٠٢٤).*سیستمی پەروەردەیی چین ریفۆرم و ناوازەبوون* .سلێمانی : ناوەندی غەزەلنووس.
- محمد،ع.ع.(٢٠٠٤). *تقويم مراكز تدريب المعلمين فى أثناء الخدمة* . القاهرة: المركز القومى للبحوث التربوية و التنمية.
- ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر .(٢٠٢٤)سرتاتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر ٢٠٢٣-٢٠٣٠. حکومەتی هەرێمی کوردستان [نوسراوی ئەلکترۆنی ]لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە https://gov.krd/moe/publications
- سهيلة، م.ك. (2006). *المناهج التعليمي والتدريس الفاعل*. ط1، عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.
- عمر,ع.ف.(2014).*استراتيجية برامج التدريب و دورها في تحسين أداء المديرين في مدارس الحكومية* (رسالة ماجستير). كلية إدارة الاعمال, جامعة الجنان.
- محمد , ج.ح.و رنا ,غ.ح.(2019). *اثر إستراتيجيتين تدريسيتين في تنمية الميول العلمية والتحصيل الدراسي لطلبة السابع الاساسي (في مادة العلوم) وتحليل محتوى التعلم*. لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە

  https://cbej.uomustansiriyah.edu.iq/index.php/cbej/article/view/4840/4417
- مسعود ، ح. ت.(٢٠١٨). *البحث العلمي قواعده -اجراءاته-مناهجه* . القاهرة: المكتب العربي للمعارف .
- وليد ،ح.(٢٠١٥).*التدريب في المؤسسات التعليمية*. المملكة الأردنية الهاشمية: مركز الكتاب الأكاديمي .
- Eurydice. (2024). Continuing professional development for teachers working in early childhood and school education in Finland. European Commission. لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- https://eurydice.eacea.ec.europa.eu/eurypedia/finland/continuing-professional-development-teachers-working-early-childhood-and-school

- Gottfried, A. E. (1985). Academic Intrinsic Motivation in Elementary and Junior High School Students. *Journal of Educational Psychology, 77*(6), 631–645. https://doi.org/10.1037/0022-0663.77.6.631لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- MOE. (n.d). Professional Development and Career Tracks. Ministry of Education, Singapore لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- https://www.moe.gov.sg/careers/become-teachers/pri-sec-jc-ci/professional-develop
- Niemi, H. (2015). Teacher professional development in Finland: Towards a more holistic approach. *Psychology, Society & Education, 7*(3), 279–294. https://dialnet.unirioja.es/servlet/articulo?codigo=6360140
- OECD. (2022). *Teacher professional learning and development*. OECD Indicators.
- Rasool,M.Kh.&Zana,M.H.(2023). An Analysis of Kurdish EFL Basic Teachers' Needs for Designing an Effective In – service Teacher Training course.*Journal of Zankoy Sulaimani, 78*(1),513-540. http://jzsb.univsul.edu.iq/لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- Renninger, K. A., & Hidi, S. (2016). *The power of interest for motivation and engagement*. New York:Routledge.
- Sahlberg, P. (2011*).* Finnish lessons: What can the world learn from educational change in Finland. *Teachers College Press*.
- Skolverket. (2024). Professional development for teachers in Sweden. https://www.skolverket.se/ لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- Tahir, Z., Saleh, R. R., Fadhil, S., Awat, C., & Ibrahim, S. (2025). *Pedagogical training in Kurdistan: A critical analysis of present challenges. Amandemen: Journal of Learning, Teaching and Educational Studies, 3*(1), 117–134.لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە https://doi.org/10.61166/amd.v3i1.9
- Uzorka, A., Kalabuki, K., & Odebiyi, O. A. (2024). *The effectiveness of in-service teacher training programs in enhancing teaching quality and student achievement*. *Forum for Education Studies*, 2(3), Article 1465.لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە https://doi.org/10.59400/fes.v2i3.1465
- Vernez, G., Culbertson, S., Constant, L., & Karam, R. T. (2016). *Initiatives to improve quality of education in the Kurdistan Region — Iraq: Administration, school monitoring, private school policies, and teacher training* (Research Report No. RR-960-KRG). RAND Corporation. https://www.rand.org/pubs/research_reports/RR960.htmlلەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- Wendt, R., et al. (2016). *Teachers are required to participate in PD regularly in Germany.*
- Wermke, W. (2011). Continuing professional development culture in Germany and Sweden. Professional Development in Education, 37(5), 665–683. https://doi.org/10.1080/19415257.2010.533573لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە

- Wikipedia. (2025a). *Professional development.* https://en.wikipedia.org/wiki/Professional_developmentلەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە
- Wikipedia. (2025c). Education in China.لەســـەر ئەم بەســـتەرە بەردەســـتە https://en.wikipedia.org/wiki/Education_in_Chi


## پاشکۆ( Annexure )

**پاشکۆی (١):** ناوی پسپۆڕان

| | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | علی عبد الرحمن زەنگەنە | پرۆفیسۆر | ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی کیمیا | خانەنشین |
| ٢ | وعد محمد نجاة صبري | پرۆفیسۆر | ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی فیزیا | کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زانستە گشتیەکان-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر |
| ٣ | قادر حسێن صالح | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی کەسێتی | پەیمانگای هونەرجوانەکانی سلێمانی |
| ٤ | عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | ناز احمد سعید | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئەدەبی کوردی | بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی /بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی |
| ٦ | رنا غانم حامد الطائي | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی جوگرافیا | زانکۆی موسل/کۆلێجی پەروەردە |
| ٧ | سعد قدوري حدود | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگەکانی وانە ووتنەوەی فیزیا | بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای زیقار |
| ٨ | ولید خالد بابان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پێوانەی دەروونی و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر-کۆلێجی پەروەردە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | وفاء محمد هسين | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دکتۆرا لە دەروونناسی هونەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی-پەروەردەی هونەر |
| ١٠ | كريم احمد عزيز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردە دەروونناسی /ڕێگەکانی وانە ووتنەوە | زانکۆی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١١ | بيان مبارك صفر | مامۆستای یاریدەدەر | فیزیا/نانۆتەکنەلۆژی | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی |
| ١٢ | سارا جلال جمال | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانە ووتنەوە | زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت-پەروەردەی هونەر |
| ١٣ | لاڤە حمە سور محمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی بیرکاری | زانکۆی سلێمانی /کۆلێجی پەروەردە -بەشی کیمیا |

**مدى استخدام طرائق التدريس ضمن استراتيجية تدريب المعلمين بوزارة التربية في حكومة إقليم كوردستان من وجهة نظر طلبة المرحلة الإعدادية , واتجاهاتهم نحو المواد الدراسية و طرائق التدريس**

**م.سربست كريم محمد**
**مدير قسم التدريب والتطوير التربوي السليمانية**
**وزارة التربية**
rahenan@suliparwarda.com

**م.م.لانەلطيف على**
**معلم المدرب / قسم التدريب والتطوير التربوي السليمانية**
**وزارة التربية**
lanalateef22@gmail.com

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى تحديد: (مستوى استخدام طرائق التدريس في استراتيجية تدريب المعلمين في مختلف المواد الدراسية في الاعداديات و اتجاهات الطلبة نحو موادهم الدراسية و دور هذه الطرائق في تشكيل اتجاهات الطلبة نحو تعلم المواد الدراسية و استخدام هذه الطرائق في جميع المواد الدراسية) في محافظة السليمانية من وجهة نظر الطلاب.

يُنفذ هذا المشروع حاليًا في المدارس الابتدائية والثانوية في جميع مناطق إقليم الكردستان في وقت واحد، باعتباره موضوع مُكلف من قبل وزارة التربية، حيث يتم تدريب المعلمين من قبل كادر تدريبي مختص (معلم تدريبي).

حيث اعتمد البحث على المنهج الوصفي المسحي المقارن, وقد أعد الباحثان استبيانًا يتكون من ثلاثة استمارات بإجمالي( 21)فقرة, لمجتمع البحث الذي يتكون من المدارس الإعدادية الصباحية التابعة لإدارة مديرية التربية والتعليم في غرب



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

السليمانية، بإجمالي( 60 )مدرسة إعدادية (باستثناء المدارس المسائية),وتم اختيار عينة البحث عشوائيًا من( 11) مدرسة إعدادية، ومن كل مدرسة تم اختيار شعبة واحدة للصف العاشر العلمي للمشاركة في الاستبيان، وبلغ إجمالي عدد الطلبة (218) طالبًا.

سجلت طريقة الخريطة الذهنية وخريطة المفاهيم أعلى معدلات استخدام في جميع المدارس الإعدادية, و أظهرت مواقف الطلبة اهتمامًا واستمتاعًا أكبر بتعلم مواد معينة (كالتربية الإسلامية، والأحياء، واللغة الإنجليزية، والكيمياء) مقارنة بمواد اخرى (كالفيزياء، واللغة العربية، واللغة الكردية، والرياضيات). وتبين لنا ان اداء استخدام المعلمين لطرائق تدريس في استراتيجية تدريب المعلمين, ادى إلى زيادة شغف الطلبة للدروس واستمتاعهم لتعلم المواد الدراسية ,فكانت اتجاه الطلبة نحو استخدام الطرائق ضمن استراتيجيات التدريس أعلى من اتجاههم لطريقة المحاضرات النظرية البحتة, علاوة على ذلك كانت الطرائق التي تم تقديمها للمعلمين من خلال جلسات التدريب المبكرة(في بداية السنة الدراسية) ,أكثر استخدامًا في الفصول الدراسية والمواد الدراسية(خلال سنة الدراسية).

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجيات تدريب المعلمين - مواقف الطلاب تجاه المواد الأكاديمية - مواقف الطلاب تجاه أساليب استراتيجية تدريب المعلمين - شغف الطلبة للدروس – استمتاع الطلبة بالتعلم.

## The extent of the use of teaching methods in the teacher training strategy of the Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government from the point of view of preparatory school students, and the students' attitudes towards the academic subjects and teaching methods

**Lect.Sarbast Karim Muhamed**
Director of the (Educational Training &Development Department, Sulaymaniyah)
Ministry of Education
rahenan@suliparwarda.com
+9647701578698

**Asst.Lect.Lana Latif Ali**
Trainer Teacher(Educational Training &Development Department, Sulaymaniyah)
Ministry of Education
lanalateef22@gmail.com
+9647707690284

**Abstract:**

The aim of this research was to identify: (the level of using Teachers training strategy teaching methods in various subjects and preparatory schools, students' attitudes towards their academic subjects, the role of these methods in shaping students' attitudes towards learning academic subjects, and students' attitudes towards using these methods across all Teachers training strategies) in the governorate of Sulaimani from the perspective of students.

This project is currently being implemented in primary schools and preparatory schools across all districts at the same time, on a topic assigned by the Ministry of Education, in which teachers are being trained by teachers trainer.

The research followed a descriptive–survey comparative approach. A questionnaire was prepared by the researchers, consisting of three forms with a total of (21) items. The research population consisted of morning preparatory schools under the administration of the Directorate of Education in Western Sulaimani, with a total of (60) preparatory schools (excluding evening schools). The research sample was selected randomly (11) preparatory schools, and from each school, one 10th-grade science class was selected to participate in the survey, totaling (218) students.

The methods of mind map and concept map recorded the highest usage rates across all preparatory schools. Students' attitudes showed greater interest and enjoyment in learning subjects such as (Islamic Education, Biology, English, and Chemistry) compared to subjects such as( Physics, Arabic, Kurdish, and Mathematics). The use of teachers training strategy teaching methods by teachers increased students' interest and enjoyment in their subjects. Students' attitudes towards using methods within instructional strategies were higher than their attitudes towards purely lecture-based methods. Moreover, the methods introduced to teachers during early-year training sessions were more frequently used in classrooms and subjects.

**Keywords:** Teachers' training strategies – Students' attitudes towards academic subjects – Students' attitudes towards Teachers' training strategy methods- Students Affection for lessons – Students' Enjoyment of learning.